# ڕۆشنگەریو هەڵوێستی یەکێتی کۆمۆنیستەکان
# سەبارەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێمو لە٢٥ تەموزی ئەم مانگەدا بەڕێوەدەچێت. لەمبارەیەوە هەڵوێستی سیاسی ئێمە لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمو بۆ خەڵکی کوردستان ڕووندەکەینەوەو دیاریدەکەین:—

## یەکێتی کۆمۆنیستەکانو مەسەلەی هەڵبژاردن

ئێمە هەمیشە خوازیاری ئەوەبووین دەسەڵاتدارێتی سیاسی لەکوردستان پشت بەئیرادەو دەنگدانو بەشداری سیاسی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستان ببەستێت، یەکێك لەخواستە سەرەکیەکانی ئێمە بەتایبەتی لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەبووە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو هەڵبژاردنی شارەوانیەکانو ....تاد ئازادانە بەڕێوەبچێتو پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستانەوە واتە پارتیو یەکێتی کەحکومەتێکی هاوبەشی دوو حزبیان پێکهێناوە کۆتایی پێبێتو دەروازەبکرێتەوە بۆ دەنگدانو بەشداری سیاسی خەڵكو گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی. لەم سۆنگەیەوە خوازیاربووینو هەوڵمانداوە پارتیو یەکێتی بەبێ ساختەکاریو بەکارهێنانی هێزو کەڵك وەرگرتن لەدەسەڵات مل بەهەڵبژاردنو دەنگدانی ئازادانە بدەنو بەدەرئەنجامەکانی قایل بن..

وادەی پەرلەمانی کوردستان لەمساڵدا بەسەردەچوو، بۆیە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان ناچار ملکەچی خواستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوون. یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەکوردستاندا هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا چالاکانە بەشداری بکاتو بەرەی چەپو مارکسیستو خەڵکانی ئازادیخواز لەیەك لیستی هاوبەشدا کۆببنەوە. لەپەیوەند بەم مەسەلەیەوە یەکێتی کۆمۆنیستەکان بەهاوپەیمانی لەگەڵ پارتی چەپی کوردستاندا لەچوارچێوەی یەکێتی چەپی کوردستاندا ئەم هەوڵانەی خۆی خستەبواری کارکردنەوە.

بەداخەوە بەهۆی مەرجو کۆتو بەندە داراییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانو خەرجیە زۆرو زەبەندەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنو گرێدانەوەی مافی خۆپاڵاوتنو خۆکاندیدکردن بەپێگەی ئابووریو بوونی پارەوە، وەبەهۆی نەبوونی ئازادی سیاسی پێویستو قۆرخکردنی پارتیو یەکێتی بۆ هەموو سەروەتو سامانی کۆمەڵگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حزبیو حکومی بۆ خۆیانو هاوپەیمانەکانیانو پەیڕەویکردن لەسیاسەتی خنکاندنو گەمارۆی ئابووریو پاڵپشتی نەکردنی حکومەتی هەرێم لەباری داراییەوە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادانە، ....تاد ئەم فاکتەرانە سەرەنجام باردۆخێکی پێکهێنا کەتوانای ڕکابەری لەپرۆسەی هەڵبژاردندا لەگەڵ لیستەکانی تری دەسەڵات وەیان ئەو لیستانەی کەبەڕواڵەت سەر بەدەسەلاتی سیاسی زاڵی کۆمەڵگانین کارێکی ئاسان نەبێو توانایی زیاتری پێویست بێت کەئەم ساتو کاتە لەتوانای ئێمەدا نەبوو.

بۆیە نەمانتوانی بەتەنها بەشداری بکەینو هەوڵەکانیشمان بۆ بەشداریکردنی فراوانو پێکهێنانی لیستی هاوبەش، لەچەشنی "لیستی سپی سەربەخۆ" بەبن بەست گەیشت.

***************

## هەڵبژاردنی پەرلەمانو لیستە جیاوازەکان

لەپەیوەند بەهەڵبژاردنو دەنگدانی کوردستانەوە ململانێو ڕکابەریەکی نوێو جیاواز لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پێشوو دەستی پێکردووەو لیستو کەسایەتی جیاواز بۆ ڕکابەریو کێبەرکێی هەڵبژاردن لەگۆڕەپاندانو هاتوونەتە ناو پرۆسەکەوە. لەمبارەیەوە بەپێویستی دەزانین لەسەر لیستە سەرەکیە ڕکابەکان شیکردنەوەو هەڵوێستی خۆمان بەکورتی بخەینەڕوو.

### یەکەم : لیستی کوردستانی پارتیو یەکێتی

پارتیو یەکێتی لەچوارچێوەی ریکەوتنی ستراتیژی خۆیانداو بۆ درێژەدان بەکۆنترۆڵو پاوانکردنی کوردستان بۆ جارێکی تر بەیەك لیست بەناوی "لیستی کوردستانی" دابەزین کەژمارە ٥٤ی لەکۆمیسیۆنی باڵا وەرگرتووە. دابەزینی ئەو دوو حزبە بەیەك لیست لەم بارودۆخەی ئێستادا

هۆکارو فاکتی زۆری هەیە کەئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ سەرەکیترین ئەو هۆکارانە دەکەین‌و قسەکردن لەسەر کەسایەتیەکانی لیستەکە وەلادەنێین‌و سپۆت لایت تەنها دەخەینە سەر ناوەڕۆکی بەرنامەو ئەجیندا سیاسیەکەی.

١/ پارتی‌و یەکێتی وەکو دوو حزبی سەرەکی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لەکوردستانی عێراقدا ١٨ ساڵە لەکوردستاندا بەشێوەیەکی راستەوخۆ فەرمانڕەوای هەرێمی کوردستانن، لەماوەی ئەم ١٨ ساڵەدا زۆربەی کێشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریەکانی ئەم هەرێمە بەهەڵواسراوی و بەبێ چارەسەرێکی ئەوتۆ ماونەتەوە. خودی کێشەی کورد هێشتا لەعێراقدا وەکو کێشەیەی سیاسی ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی رەسمیەتی وەرنەگرتووە (لەچەشنی کێشەی فەلەستین)و تەنانەت خودی فیدرالیزمیش لەعێراقدا بۆ مەبەستی تر نەك بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە خراوتەڕوو، لەبەرئەوە هاتنەخوارەوەی پێگەی ناسیونالیزمی کوردو بەهێزبوونی ناوەند لەبەغدادو نیگەرانیەکان لەمبارەیەوە، چارەسەرنەبوونی کێشەی کوردو هەڵواسراوی کێشەکانی نێوان هەریم‌و بەغدادو بنبەستی پەیوەندی نێوانیان، فەشەلی هاوپەیمانێتیەکانی ئەم حزبانە لەگەڵ لایەنە سیاسیە شیعی‌و سونیەکان‌و هاتنەخوارەوەی ئاستی چاوەڕوانی لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراق کەلەکۆتایی ئەمساڵدا بەڕێوەدەچێت، زیادبوونی نیگەرانی سیاسی‌و بێ ئومێدی هەمەلایەنەی کوردەکانی ناوچە جیناکۆکەکان‌و هەستکردن بەوەی کێشەکانیان گۆڕدراوەتەوە بەبودجەو بەشخوازی لەسیستمی دەسەڵاتدارێتی سیاسی بەغداد، ئەمانە بەشێکی گرنگی ئەو هۆکارانەن کەیەخەی بەناسیونالیزمی کوردو حزبە سەرەکیەکانی گرتوەو لەبەردەمیدا بەچۆکدا هاتوون‌و پەلە پروزکێ یانە بۆ پاراستنی دەسکەوتە هەڕەلێکراوەکانیان، هەردوو حزب کە هەم وەکو حزب‌و هەم وەکو بنەماڵەو کەسایەتی زۆرترین سودو قازانجیان لەپرۆسەی دەسەڵاتدارێتی سیاسی لەکوردستان‌و عێراق وەرگرتووە لەهەوڵێکی بەردەوامدان بۆ پاراستنی دەسکەوتە هەڕەشەلێکراوەکانیان‌و مانەوە لەسەر تەختی دەسەڵات.

٢/ چڕبوونەوەی هەرچی زیاتری فەشەلی دروستکردنی دەوڵەت لەکوردستان، پارتی‌و یەکێتی لەبری دروستکردن‌و دامەزراندنی پایەکانی دەوڵەتێکی سەروەرو دیفاکتۆ سیستمێکیان دامەزراند کەتیایدا پارتی‌و یەکێتی یان ئیدارەی حزبی–حکومی جیاواز یاخود حکومەتێکی حزبی دوانەیان پێکهێناوە کەهیچی لەدەوڵەت نەچووە نەلەبناغەداو نەلەماك‌و رواڵەتدا. مانەوەی کوردستان وەکو کۆمەڵگایەکی بێدەوڵەت لەسەر هەموو جومگە سەرەکیەکانی دەسەڵاتدارێتی سیاسی رەنگیداوەتەوە، پەرلەمانی کردووە بەکاریکاتۆرێکی حزبی‌و سیفەتەکەی لەدەسەڵاتێکی یاسادانانەوە گۆڕاوە بۆ دەسەڵاتێکی پارێزەری، واتە دەسەڵاتێك کەئەرکی بەرگریەکی پارێزەرانەیە لەبەرژوەندی مەکتەب سیاسیەکانی هەردوو حزبی باڵادەست، سەروەری‌و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری‌و دەسەڵاتی داواکاری گشتی نەهێشتووە، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کردووە بەفەرمانگەیەکی حزبی‌و ....تاد، هەروەها ئەم مەسەلەیە شۆڕبۆتەوە بۆ پەیوەندی نێوان حزب‌و حکومەت، حزب‌و میللیشیا چەکدارەکان، حزب‌و دارایی‌و بودجە، وەرەنگدانەوەی هەبووەو هەیە لەپەیوەندیە ناوخۆییەکانی حزبەکان‌و لەپەیوەندی خودی حزب‌و لایەنە سیاسیەکان بەیەکترەوە، سەرجەم ئەم بارودۆخە بەرادەیەك کاریگەربووە کەکێشەو قەیرانەکانی دەسەڵاتی سیاسی کوردی هێناوەتە سەر لووت‌و خستویەتیە بازنەیەکی حەلەزۆنیەوە. ئۆباڵی ئەم فەشەلە بەپلەی یەکەم دەخرێتە ئەستۆی پارتی‌ویەکێتی‌و باوەشکردنیان بەیەکتردا هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەم فەشەلە تێپەڕێنن.

٣/ جەستەی کۆمەڵگای کوردستان بەدەست کۆمەڵێك نەخۆشی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری گەورەوە داغان بووە، بۆرۆکراسی‌و گەندەڵی، قۆرخکاری، ناڕۆشنی‌و ناشەفافیەتی دارایی، تاڵانکردنی بودجەو سامانی گشتی لەلایەن هەردوو حزبەوە، پەیدابوونی مافیای ئابووری کەبەخێرایی‌و هەمەلایەنەو بەکەڵك وەرگرتن لەدەسەڵاتی سیاسی‌و پێگەو نفوزی سیاسی‌و ئیداری خۆی داهات‌و سامانی ئابووری‌و بودجەی ئەم هەرێمەی هەڵلووشیوە، پەیدابوونی توێژێکی سەرمایەداری گەندەڵ و گرووپی کۆمپانیای فاسدی سەر بەهەردوو حزب بۆ ئەم کارەو چوونەسەری چاوچنۆکی لەرادەبەر، هەڵگرتنی قەیدو بەند لەسەر موڵکایەتی تایبەتی کەسەکان‌و زیادکردنی مافی موڵکداری زەوی لە ٣٠٠ دۆنمەوە ( بەپێی یاسای سەردەمی بەعس) بۆ هەرتاکێك بۆ ١٠٠٠ دۆنم بەپێی یاسای کشتوکاڵی تازە ، لابردنی مافی میری زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکان (الاراضي الاميرية) وهەوڵ بۆ ئەوەی لەزەوی میریەوە بگۆڕدرێن بۆ ملکایەتی تایبەتی و تاپۆی رووتی سەرمایەداران‌و کەسایەتی‌و مافیاکانی سەر بەهەردوو حزبی بالادەست.

تاڵانکردنی سامانی ژێرزەوی واتە سامانی نەوت‌و گازی هەرێم‌و هەراجکردنی لەچوارچێوەی گرێبەستەکانی هاوبەشێتی بەرهەمهێناندا کەبڕێکی زۆری قازانجی خەیاڵی بۆ کۆمپانیا جیهانیەکان مسۆگەر دەکات‌و لەبەرانبەردا هەردوو حزب‌و کۆمپانیاکانیان بەشی تایبەتی خۆیان چ وەکو

سەرانەو بەخشیش (کەبڕەکەی بەپێی تەقدیراتی ئاژانسەکانی هەواڵ گەیشتووە بە یەك ملیارو شەش سەد ملیۆن دۆلار) چ لەڕێگەی شەریکایەتی کۆمپانیاکانیان‌و بوون بەپارتنەری کۆمپانیا بیانیەکان، پیادەکردنی هەمەلایەنەی سیاسەتی تالانوبڕۆ لەم بوارەدا لەبری سیاسەتیکی ئابووری ئامانجدارانە بۆ وەلامدانەوەی گەشەو پێویستیە ناوخۆییەکانی ئابووری هەرێم.

هەردوو حزبی سەرەکی ئەندازیاری ئەم سیاسەتی تالان‌و برۆیەی سامانی ژێر زەوی کوردستان‌و زۆرترین قازانج‌و سوودو سەرمایەیان لەم رێگەیەوە کەڵەکردووەو دابەزینیان بەیەك لیست بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتە هاوبەشانەیانە.

٤/ لەسایەی دەسەلاتی هەردوو حزبدا ژمارەیەکی زۆر بەرپرس‌و کەسایەتی حزبی نەك هەر دەوڵەمەندبوون بگرە ئێستا چوونەتە ریزی ملیاردێرو ملیۆنەرەکانی جیهانەوە، کەمێك خوارتریش مووچەی بەرپرسان‌و بەرێوەبەرەگشتیەکان‌و ئەندام پەرلەمان‌و پلەو پایە باڵاکانی هێزە چەکدارەکان بەشێوەیەکی خەیاڵی زیادیکردوە هەریەکەیان دەیان بەرابەر بەمووچەی کرێکاران‌و فەرمانبەرانی تری دەوڵەت وەردەگرن، ئەگەرچی کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی مووچەخۆربووە بەڵام زۆربەی داهاتی ئەم هەرێمە بۆ بەرپرسە باڵاکان‌و دەست‌و پێوەندەکانیان بووەو بەشێکی کەم لەداهاتی گشتی بۆ مووچەخۆرانی تر خەرجکراوە، ئەمەیە جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو هەژاری ئەم هەرێمەی قووڵتر کردۆتەوەو هاوکات توانای کڕینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی هێناوەتەخوارەوە.هەردوو حزب‌و کەسایەتیەکانیان دەیانەوێ بەهەر شێوەیەك بووە لەو دەسکەوتە گەورانە بێبەش نەبن..

٥/ لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا لەبواری نوێگەری بیناسازی‌و پەرەسەندنی تەلارەکان‌و هۆتێل‌و چێشتخانە مۆدێرنەکان‌و مۆڵە بازرگانیەکان‌و رێگاوبانی سەرەکی دام‌و دەزگاکانی دەسەلاتی هەردوو حزب‌و بینای وەزارەتەکان‌و باخچەکان‌و شوێنەکانی گەشت‌و گوزارو هۆڵەکانی کۆبوونەوەو وێستگەکانی کارەباو ئاوو.... تاد کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕ بەسەرمایەگوزاری راستەوخۆی هەردوو حزب‌و کۆمپانیاکانیان روویانداوە، بەڵام ئەوانە زیاتر سیفەتی کۆمەڵگایەکی مەسرەفی تۆخترکردۆتەوەو کوردستانی نەگۆڕیوە بەکۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن، راستە نەوت‌و گازیش لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەرهەمهاتوون‌و ئەم دواییانەش رەوانەی دەرەوەی هەرێم کراوە بەڵام ئەو کەرتە بەهۆی داهاتە خەیاڵیەکانیەوە زیاتر قاچاخچێتی نەوتی خاوو نەوتی رەشی بەرهەمهێناوەو نەبووە بەبنەمایەك بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووری بەرهەمهێن‌و گەشەکردوو.

لەلایەکی ترەوە سەرمایەگوزاریکردن لەو بوارانەدا لەسەر حسابی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە بنەرەتیەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بووە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەلارو کۆشکە بەرزەکانی بەرپرساندا قوتابخانەکان بچووك بوونەتەوە، رێگاوبانەکان تێکچوون‌و بەخراپی ماونەتەوە، نەخۆشخانەکان کەمن وەیان بێخزمەتگوزارین، پردەکان تەپیون، زەویە کشتوکاڵیەکان لەناوچوون، گوندەکان وێران بوون‌و ...تاد.

٦/ بەڵام هەر دەسکەوتێکی ئابووری نیوەناچڵ لەژێر کۆنترۆڵی پارتی‌و یەکێتیدا بەدەست هاتبێ نەبووە بەهاندەرێك بۆ پێشڕەوی لەبواری ئازادیەکاندا، بەپێچەوانەوە راپۆرت لەسەر راپۆرت لەسەر ئازارو ئەشکەنجەی هێزەکانی ئاسایش‌و دەزگا بەدناوەکانی پاراستن‌و زانیاری‌و زیندانە نهێنیەکانیان لەلایەن ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ‌و رێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤی ناوخۆوە دەرەوە بڵاوکراوەتەوە کەتێکڕا دیمەنە دزێوەکان‌و دیوە شارەوەکانی ئەم دەسەلاتە سەرکوتگەرو گەندەڵ‌و زاڵمانەیەی کوردستانی نمایش کردووە، بەتایبەتی لەبواری هێرش‌و تیرۆری رۆژنامەنوسان‌و تیرۆری ژنان‌و هەڕەشەو تۆقاندنی کەسایەتیە سیاسیەکان‌و ....تاد. ئۆباڵی ئەم سەرکوتگەریانە لەئەستۆی پارتی‌و یەکێتیەو لەترسی تۆڵەکردنەوەی خەڵك بەهەر رێگایەك بووە دەیانەوێت بمێننەوەو خۆیان رابگرن

٧- ........

لەم بارودۆخەدایە کەبێزاری‌و تووڕەیی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان لەدەسەلاتی هەردوو حزب گەیشتووە بەلوتکەی خۆی‌و هەوڵەکانیان بۆ مانەوە لەدەسەلاتدا دووچاری گرفت‌و کێشەی جدی بووە..هەڵبەت باوەشکردنی هەردوو حزب بەیەکتریداو بەتایبەتی چوونی یەکێتی بۆ ژێرباڵی پارتی هەرچی زیاتر نیشانەی هەراسانبوون‌و فۆبیایەکە تووشی بوون‌و دابەزینیان بە یەك لیست دەرکەوتنی سیمای ترس‌و هەراسانبوونی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیانە.

بۆیە ئەم لیستە هەوڵدەدات بەهەر قیمەتێك بووە دەسەلاتی سیاسی‌و ئابووری لەدەست خۆیدا بهێڵێتەوە، بەدەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن سیما دزێوەکانی ئەم بەرەیە زیاتر دەرکەوت، بەرەیەك کەخەریکی درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی بوو بەهەر قیمەتێك بێت، بەرەیەك پەنای برد بۆ یاریکردن بەشەرعیەتی پەرلەمان، بەوادەو کاتەکان، بەیاساکان‌و کشاندنیان وەکو لاستیك لەبەرژەوەندی خۆیان‌و حزبەکانیان، وەتەنانەت چوونە

ناو گەمەی مەترسیداری دەستوورەوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی لەرزۆکی خۆیانو ترس لەدەسەڵاتی پەرلەمانیو چرکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆکی هەرێمدا.

بەرەی پارتیو یەکێتی دەرگاکانیان بەرووی چاکسازیدا داخست، هەڵوێستە کۆنسێرڤاتیزمەکانی گەیاندی بەئاستی باوەشکردنی زیاتر بەکۆنەپەرستیو پەنابردنە بەر سەرکوتگەری، لەبری بەخۆداچوونەوە زیاتر پەلیان کوتاو ڕۆچوون بەناو گەندەڵیدا، پرۆسەی هەڵبژاردن بوو بەبڕگەیەکی تر لەگەشەی گەندەڵیو هەلپەرستیو ویژان فرۆشتن، بوو بەهۆیەك بۆ گەندەڵکردنی زیاتری خەڵكو سوکایەتی بەکەرامەتو شەرەفی ئینسانیان، سیاسەتێك پیادەکراو دەکرێ کەبڕگەکانو ئەڵقەکانی بریتییە لەنانبڕینی نەیارەکانی خۆیان، هەڕەشەو گوڕەشە، تیرۆر، دەنگ کڕینو بەرتیل دانو پارەبەخشینەوە، بەکارهێنانی سامانی گشتی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەهەڵبژاردنەکاندا، فرتو فیڵی هەڵبژاردنو دروستکردنی "لیستی زەرد"و بەناو سەربەخۆ، خۆسەپاندنو ملهوری بەسەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکاندا، هێرش بۆ سەر ئازادیەکانو میدیا ئەهلیەکانو بەتایبەتی چڕکردنەوەی هێرشەکانیان لەدژی "لیستی گۆڕان"و کەسایەتیو پاڵێوراوەکانیانو لایەنگرەکانیان، ...تاد.

بەڵام دەسەڵاتی هەردوو حزب لەمەحەك دراوەو تاقیکراوەتەوەو تەنانەت سیماو دەموچاوەکان بەڕادەیەك دووبارەبوونەتەوە کەمایەی بێزارین، بۆیە دەبینین ئەو سیاسەتانە کەم کاریگەربوونو لەهەندێك حاڵەتیشدا چاڵێك بووە خۆیانی تێکەوتوون، ئەم لیستە ئەگەر کارتو هەڕەشەی نانبڕینو دەرکردن لەسەر کارو فشارەکانی تریان لەدەست بێتەوە لەواقعدا لیستی کەمینەی خەڵکی کوردستانن، لیستی کەمایەتین نەك زۆرایەتی، هەرچەند بەرواڵەت وادەردەخەن کەئەم لیستە سەرکەوتنی مسۆگەرەو لیستی زۆرایەتیە بەڵام لەبناغەدا وانیەو سەرکەوتنی بەبەکارهێنانی زۆری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو قۆرخ کردنو پاوانخوازیو زۆری پارەو بودجەی هەرێمو هێزی چەکدارو داپڵۆسینەوە بەستراوەتەوە نەك متمانەی خەڵكو دەنگدان پێی..

ئەم لیستە ئەگەر دیسانەوە زۆرینەی کورسیەکان لەپەرلەمانی داهاتوودا مسۆگەر بکات ئەوە بۆ ئەم بارودۆخە دەگەڕێتەوە نەك متمانەو دەنگی شەرعی خەڵکی کوردستانو ئەمەش نەك هەر نابێ بەمایەی دڵنیایی مانەوەیان لەسەر دەسەڵات بۆ ماوەی چوار ساڵیتر بەڵکو زیاتر لەخەڵك جیایان دەکاتەوەو زەمینە بۆ هاتنەمەیدانی بزووتنەوە جەماوەریە فراوانەکان لەدژی دەسەڵاتیان دەرەخسێنێت.

## دووەم: لیستی چوارحزبەکە

هەریەك لە (یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، حزبی زەحمەتکێشان/قادر عزیز، حزبی سۆسیالیستی کوردستان) بەناوی "لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی" ژمارە ٥٩ دابەزیون. لەبەرئەوەی ئەم لیستە ئیسلامیەکان بەهێزو زۆرینەو سەرۆکایەتی دەکەنو بەرنامەکەیان لەخزمەتی ئەو بزاوتەدایەو ئەو دوو حزبەی تر چوونەتە ژێرباڵیان، لەبەرئەوە ئێمە لێرەدا تەرکیز دەخەینە سەر هێزە ئیسلامیەکانو پێگەی ئەوان لەم پرۆسەیەدا..

١/ لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەهەرێمی کوردستاندا کاریگەریو رۆڵیان بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا زۆر کەمبۆتەوە، هۆیەکانی ئەمە بەزۆر هۆکارو فاکتەری دەرەکیو ناوخۆییەوە بەندە، ئەم هێزانە لەسەر ئاستی عێراقو ناوچەکە کێڕقی گەشەکردنیان لەداکشاندایەو خامۆشتربوون، شکستی باڵە توندڕەوەکانی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەچەشنی القاعدەو رسوابوونیان لەعێراقو ئەفغانستانو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیو سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەریاندا، وەهەروەها لەدەستدانی نفووزی سیاسی هێزە تائیفیە ئیسلامیە شیعیو سونیە توندرەوەکان راستەوخۆ کاریگەری داناوە لەسەر پێگەو رۆڵی ئەو هێزە ئیسلامیانەیش کەخۆیان بەمیانەڕەو دەزانن‌و دەیانەوێ بەپەیڕەویکردن لەم سیاسەتە لەدەسەڵاتی سیاسیدا پێگەی خۆیان قایم بکەن. کشانەوەی ئەم هێزانە لەهەڵبژاردنەکانی لوبنانو فەلەستینو ئێراندا بەرچاوبوو، وەبێگومان هێزە ئیسلامیەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە.

ئیسلامیەکان لەهەموو کات زیاتر بێئاسۆیی باڵی بەسەردا کێشاون، لەپەیوەند بەدەسەڵاتی سیاسیو دامەزراندنی دەوڵەت کەخۆیان بە"دەوڵەتی ئیسلامی" ناوی دەبەن تووشی بنبەست بوون، نەبوونی بەدیلو ئەلتەناتیفو ناڕۆشنیو لێڵی ئاسۆی سیاسیانو شکستیان لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیو ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگا تووشی سەرەگێژیو گێژاوی فکریو سیاسی کردوون، لەم بارودۆخەدا ئەو هێزانە بوێریو جورئەتی سیاسیان لەدەستداوەو شەرمنۆکانە خەریکی پاراستنی دەسکەوتەکانی پێشووی خۆیانن چ لەناو دەسەڵاتو چ لەسەر ئاستی

کۆمەڵگا، دیارە لەناو جەماوەردا نفووزی سیاسیان کەمتربۆتەوەو لەپەیوەند بەدەسەڵاتیشەوە پارتیو یەکێتی حسابێکی کەمتریان بۆ دەکەن، کیشەی ئەم دواییانەی چوارحزبەکەو پارتیو یەکێتی لەم چوارچێوەیەدا قابیلی شیکردنەوەو راڤەکردنە..

٢/ ئەم چوار حزبە لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا رۆڵی ئۆپۆزسیۆنیان نەگێڕاوەو هەم بەشداربوون لەحکومەتە حزبیە هاوبەشەکەی پارتی یەکێتیداو هەم لەبودجەی گشتی حکومەت مانگانە ملیارەها دیناریان بۆ تەرخانکراوەو حزبەکانیان بەپارەو بودجەی خەڵکی کوردستان ژیاندوە. دابەزینی ئەم حزبانە بەیەك لیستی جیا لەپارتیو یەکێتیو لیستی کوردستانی بەمانای ئۆپۆزسیۆن بوونی ئەو حزبانە نیە بەقەدەری ئەوەی هەوڵێکە بۆ ئەوەی بەشی زیاتر وەیان ئەو بەشەی پێشوو کەلەدەسەڵاتی پەرلەمانو حکومەتدا هەیان بووە، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەی چاکسازیان پێشکەش کردووە بەڵام لەناوەڕۆکدا ئەمانە هەلپەرستو ئۆپۆرتۆنیست بوونو بۆ پچڕینی بەشی زیاترو فراوانکردنی پانتایی بەشەکانیان لەدەسەڵاتدا تێکۆشاون، بۆیە لەیەکساڵی رابردوودا خوازیاری بەخشینی پۆستی حکومی زیاتر واوەتر لەوەزارەتەکان بوونو خوازیاری پلەو پایەی بەڕێوەبەرەگشتیەکانو قائمقامەکان بۆ کادرە حزبیەکانیان، داوای بەشی زیاتریان دەکرد لەبودجەی حکومەتو ....تاد. ئەمە ماناکانو ناوەڕۆکی ئەو چاکسازیە بوو کەئەوان بەشوێنیەوە بوون.

لەمانەش خراپتر ئەوە ئەندام پەرلەمانەکانی ئەم حزبانە بوون لەمپەربوون لەبەردەم هەر پرۆژە یاسایەکی پێشکەوتنخوازدا لەبەرژەوەندی ئازادیو مافەکانی زیاتری ژنان، ئەوان بوون سەرسەختانە دژایەتی مافو ئازادیەکانی ژنانیان کردو نەیانهێشت یاسایەکی مەدەنیو سکولار لەقازانجی ژنان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێو پارتی بەهاوپەیمانێتی لەگەڵیان شکستیان بەچاکسازی رادیکاڵانەی یاسای باری کەسێتی هێنا. لەسەر ئەم هەڵوێستەیان جیگای خۆیەتی بزوتنەوەی ژنان تۆڵەیان لێبکاتەوەو کەمپین بۆ دەنگنەدان پێیان بەرێبخات.

سەبارەت بەخزمەتگوزاریش کەناوی دووەمی لیستەکەیانە ئەوە لەم لیستەو لەحزبەکانی ناوەشێتەوە، چونکە لەماوەی رابردوودا هیچ پرۆژەیەکی ئەوتۆیان لەم بوارەدا نەبووەو هەر پاشکۆی دەسەلاتی پارتیو یەکێتی بوونو هیچی تر، لەمانەش خراپتر لەکاتێکدا کەچەپو کۆمۆنیستەکان لەسەر شەقام ئاڵای داخوازیەکانی خەڵکیان بەرزدەکردەوەو خوازیاری دابینکردنی ئاوو کارەبای پێویستو باشکردنی ژیانو گوزەرانی خەڵکی کوردستان بوون ئەوان قڕوقەپیان هەڵبژاردبوو.

دیارترین ئۆپۆرتۆنیسمو هەلپەرستی ئەم لایەنانە ئەو هەڵوێستەیان بوو کەلەپەیوەند بەتێپەڕاندنی رەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە گرتیانەبەرو لەبەرانبەر هەندێك دەسکەوتی حزبیو ماددیدا ئەو دەنگانەشیان خستەسەر سەودا کەهێشتا پێیان نەدراوە.

لەم بارودۆخەدا یە کەئەوان هیچ کاندیدێکیان بۆ سەرۆکی هەرێم نیەو بەکردەوە بانگەشە بۆ هیچ کاندیدێکی تر ناکەنو بێدەنگیان هەڵبژاردووەو ئەمەش واتە دەنگدانی ناڕاستەوخۆ بەسەرۆکی هەرێم مسعود بارزانیو هاوکاری لیستی کوردستانی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەسەرۆکی هەرێم.

لیستی ئەم چوار حزبەو نەبوونی هەڵوێستێکی سیاسی بوێرانەو دەستەووەسانیو ئەو بەرنامە ئیسلامیە دواکەتووەی کەهەڵیان گرتووەو دەیانەوێ بیبڕن بەباڵای کۆمەڵگایەکی مەدەنی وەك کوردستاندا واتە رەتکردنەوەی ئەم لیستەو نەدانی متمانە پێیانو رەتکردنەوەی بانگەشەکانیان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لیستە بەهۆی هاتنە ئارای لیستی گۆڕان مەیدان لەم لیستە تەسکتربۆتەوەو لانی کەم زۆر لەو دەنگانەی پێشتر وەکو تۆڵەسەندنەوە لەپارتیو یەکێتی لەهەڵبژاردنی پێشوودا درابوو پێیان ئەمجار نایهێننەوەو شانسی کورسی کەمتریان دەبێت ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەپاکیو بێساختەکاری بەڕێوەبچێت.

## سێیەم : لیستی حەوت حزبەکە

کۆمەڵێك لایەنو کەسایەتی تر بەسەرپەرشتی حزبی شیوعی کوردستان لیستێکیان بەناوی "چەپەکان"ەوە دروستکردووەو ژمارەی ٥٥ی لەکۆمیسۆنی باڵا وەرگرتووە. بەشێکی زۆری ئەم حەوت ناوە حزب لەلایان دوکانێکی سیاسیە کەلەسەری دانیشتوونو بەهۆیەوە مووچە لەپارتیو یەکێتی وەردەگرن. هەر ئەوەندە بەسە بووترێ کەزۆربەی حزبەکانی ئەم لیستە بە"حزبی معاش" ناوبانگیان دەرکردووەو ناوەکەیان دەلالەتی شوناسو ناوەڕۆکیانە، بوونی ئەم حزبۆکانە تادوێنێ بۆ دیکۆرکردنی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی خرابوونەگەڕو لەگەڵ پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنی

راستەقینەدا ئەم حزبە کارتۆنیانە پەراوێزکەوتن‌و پووکانەوە. لەراستیدا ئەم حزبانە بەناویش خۆیان بەئۆپۆزسیۆن نەزانیوەو هەڵگرتنی ناوی "چەپ" لەلایەن ئەم بەرەیەوە زیاتر ئیحراجی بۆ بزووتنەوەی چەپ دروستکردووە وەك لەوەی کۆمەکی پێکردبێ، ئەوان خۆیان کردووە بەبەنموونەیەکی ترسناك لەزەلیلی بەدەست پارتی‌و یەکێتیەوە، ئەو زەلیلیەی کەتووشی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو بەرێبەرایەتی قادرعزیز لەگەڵ هەڵگرتنی یەك هەنگاودا بۆ رکابەری پارتی‌و یەکێتی. چارەنوسی ئەم حزب‌و لایەنانە کەرزقیان لای پارتی‌ویەکێتی‌یە لەوەی زەحمەتکیشان باشتر نیە.

بارودۆخی کوردستان بەجۆرێکە خەڵکی کوردستان خوازیاری هێزێکە کارتۆنی نەبێ‌و توانای گۆڕانی هەبێ‌و لەگۆڕەپانی سیاسیدا وەکو رکابەرێکی سیاسی جددی دەسەڵاتی زلهێزی پارتی‌و یەکێتی دەرکەوێت، ئەگەرچی هۆشیاری خەڵك هێشتا زۆر لەخوارەوەیە بۆ دەنگدان‌و هێشتا هەستی تۆڵەکردنەوە زاڵترە بەسەر بیرو هزری دەنگدەران‌و هەڵبژاردنێکی هۆشیارانەدا بەڵام دیارە زۆرینەی خەڵك دەیەوێت دڵنیا بێت کەدەنگەکانی بەخەسار نەچێت‌و دەنگ نادات بەهێزێك کەلانی کەمی مەرجەکانی ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبێت. ئەم لیستە ئەگەرچی بەرنامەی سیاسی و کۆمەلێك داواکاری خستۆتەڕوو بەڵام ئەمە شوناسی ئەوان نیەو خۆیان بەرنامەو داواکاریەکانی خۆیان بەجددی وەرنەگرتووەو خەمخۆرانە کاری بۆ ناکەن ئیتر چۆن خەڵکی کوردستان ئەوان بەجددی وەربگرێ‌و ئومێدو هیوای خۆی بۆ گۆڕانکاری‌و بەدیهێنانی داواکاریەکانی بەوانەوە ببەستێتەوەو متمانەیان بداتێ.

لەلایەکی ترەوە ئەم حزبانە لەبەرانبەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا نەك هەر کاندیدێکیان نیە بگرە بەکردەوە بێدەنگن‌و تەنانەت بانگەشە بۆ دەنگدان بەمسعود بارزانی کاندیکی لیستی کوردستانی دەکەن. بەم هەڵوێستەیان نیشانیاندا ئەوان بێئومێدن لەهەڵبژاردن‌و لەجەماوەری دەنگدەرو سەربەخۆیی‌یان لەدەست داو بوون بەبڵندگۆیەکی پڕوپاگەندە بۆ لیستی کوردستانی‌و مسعود بارزانی.

## چوارەم: لیستی گۆڕان

یەکێك لەرکابەرە بەهێزەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارە دروستبوونی "لیستی گۆڕان"ە بەسەرۆکایەتی نەوشیروان موستەفاو ژمارە (٥٧)ی وەرگرتووە، ئاشکرایە ئەم لیستە لەسەر ئاستی ناوخۆو درەوەی کوردستان نفوزێکی بەدەستهێناوەو بەدیاریکراوی لەشاری سلێمانی بەشێکی بەرچاوی ئەندام‌و کادرە ناڕازیەکانی یەکێتی نیشتمانی روویان تێکردووەو وەکو رکابەرێکی جددی هاتۆتە پرۆسەی دەنگدان‌و هەڵبژاردنەوەو هەر لەئێستاوە لەدەنگی لیستی کوردستانی کەمکردۆتەوەو باڵی کێشاوە بەسەر لیستی چوارحزبەکەو شەپۆلەکانیشی لیستی حەوت حزبەکەی داپۆشیوە..

لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان خوازیاری ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری بنەڕەتی‌و پەراوێزخستنی پارتی‌و یەکێتی‌و هاوپەیمانەکانیان‌و خوازیاری کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئەم زلهێزانەو پەراوێزکەوتنیانە لەدەسەڵاتی سیاسیدا بەهۆی ئەو کارنامەیەی پێشوویانەوە کەپێشتر باسمانکرد، "لیستی گۆڕان" وەکو لیستێکی "ئۆپۆزسیۆن" هاتۆتەناوەوەو دەیەوێت دەنگە نارازیەکانی شەقامی کوردی هەڵمژێت‌و بۆ ئەجیندای خۆی بیخاتەگەڕ، لەمبارەیەوە بۆ رۆشنگەری‌و دیاریکردنی هەڵوێست سەبارەت بەم لیستە چەند خاڵێك بەپێویست دەزانین:

١/ سەرۆکی "لیستی گۆڕان" نەوشیروان موستەفا ماوەی چەند ساڵێکە لەچاکسازی‌و گۆڕینی (ینك) بێهیوابووەو هەوڵەکانی بەم ئاراستەیەدا بەبن بەست گەیشت، ئەو لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تەقلیدی تری بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لەداکشانی ئەستێرەی ناسیونالیزمی کوردو بنبەست‌و قەیرانی ئەو بزووتنەوەیە نیگەرانی قووڵی سیاسیان دەربڕیوە، لەکاتێکدا خەونی بەدیهاتنی نیشتمانێکی قەومی‌و حکومەتێکی ناسیونالیستی مۆدێرن بەدینەهاتووەو زۆر گۆڕانکاری سیاسی عێراق‌و ناوچەکە خەریکن دەیکەن بەکابوس‌و ئەدائی سیاسی سەرکردە تەقلیدیەکانی ئەو بزووتنەوەیەو خۆپەرستیەکانیان لەئاست ئەو بەرەنگاری‌و گۆڕانکاریانەدا نەبووە، لەو بارودۆخەدا نیگەرانی ئەوان تاهاتووە زیادی کردووەو هۆشداریەکانیان بۆ چاکسازی‌و ریفۆرمی سیاسی بێئەنجام بووەو گەیشتۆتە رێگایەکی داخراو..

لەسەر ئاستی کوردستانیش ناڕەزایەتی‌و تووڕەیی خەڵك لەدەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتی بووە بەگڕکانێکی کۆمەڵایەتی کەمەترسی‌و نیشانەکانی تەقینەوەی لەساڵی ٢٠٠٦ەوە بەدیاریکراوی دەستیپێکردووە، مەترسیەکانی سەر دەسەلاتی پارتی‌و یەکێتی هەم لەلایەن خەڵك‌و هەم لەلایەن هێزە ئیسلامیەکانەوە، ئەگەر بەبێ پرۆژەیەك بۆ چارەسەرکردن بمێنێتەوە، لەزیادبووندایە زیادیکردووە. لەروانگەی سەرانی لیستی گۆڕانەوە ئەم

بارودۆخە پێویستی بەخستنەڕووی بەدیلێك هەبووە کەهەرچەند نیوەناچڵو لاوازیش بێتەبەرچاو بەلام گرنگ ئەوەیە کە ببێ بەرێگاچارەیەك ئەو دەسەلاتە لەم گێژاوە گەورەیە رزگاربکات، هەم مەترسی ئیسلامیەکان لەسەر دووربخاتەوەو هەم ببێ بەتنفیسێکی کۆمەڵایەتی بۆ ناڕەزایەتیو تووڕەیی بەرفراوانی خەڵکی کوردستانو زەمینەی کارو هەڵسووڕانی چەپو کۆمۆنیستەکان لاوازبکات.

٢/ مەسەلەی گۆڕانو خواستی گۆرانکاری بەشێوەیەکی گشتی خواستی سەرەکی بزووتنەوەی چەپو مارکسیستو خەڵکی کوردستان بووە، هەمیشە یەکێك لەلەمپەرە جدیەکانی ئەم خواستو داواکاریە پارتیو یەکێتی بوون، هەروەها نزیك بەتەواوی ئەو سەرکردانەش کەئێستا باسو خواستی گۆڕانیان هێناوەتەگۆڕ تاکو دوێنێ بەتوندی لەبەرانبەر ناڕەزایەتیو جوڵانەوەی خەڵکی کوردستاندا بۆ گۆڕانو ئاڵوگۆڕو بەدیهێنانی ئازادیو دیموکراسیدا دەوەستانەوە. تەنانەت لەم چەند ساڵەی دواییداو لەکاتێکدا چەپو کۆمۆنیستەکانو خەڵکی ئازادیخواز کوردستانیان پڕکردبوو لەدروشمی گۆڕانو تەنانەت خوازیاری گۆڕانی حکومەت بوونو دەیانووت "ئەگەر حکومەت نەگۆڕێ، ئەدۆڕێ" لەوکاتەدا سەرۆکی "لیستی گۆڕان" خاوەنی کۆمپانیایەکی راگەیاندن بوو کەدروشمی "رەخنە بەزمانی گوڵ"ی بەرزکردبۆوە، هەروەها رەهەندیەکان (واتە ئەو رەوتە رەخنەگرانە فکریو فەرهەنگیەی کەبەئیلهام وەرگرتن لەفکرو هزری سترەکچەریزمو پۆست مۆدێرنەکان بەدەرکردنی گۆڤاری "رەهەند" دەستیانپێکرد) کەئێستا بوون بەبەشێك لە"لیستی گۆڕان"و بنەما فکریو فەلەسەفیەکانی بۆ دادەڕێژن لەماوەی دووساڵی رابردوودا رەخنە ئاگراویەکانیان لەحکومەتو دەسەڵات خۆڵەمێشی لەسەر کەوتبوو وە بێئومید مابوونەوە لەئەنجامدانی گۆڕانکاری سەرەکیو بێهیوایی باڵی بەسەردا کێشابوون بۆیە هەندێکیان بەلای "عەقڵانیەت"دا بایاندایەوەو هەندێکی تریشیان بەلای عەدەمیەتو نهیلیزمو چاوەڕوانیو سەرلێشێواویدا..

ئێستا دوای دروستبوونی " لیستی گۆڕان" وانیشان دەدەن مۆمی "گۆڕان" (کەکردوویانە بەلۆگۆی لیستەکەیان) ئەمان دایانگیرساندووەو لەبەرنامەی لیستەکەشدا وائیدعادەکەن گوایە چەند ساڵێکە ئەم رەوەندی گۆڕانو چاکسازیە دەستی پێکردووە.

لەراستیدا ئەگەر هێزیك بەکردەوە گۆڕانی دەویو جدیە لەم هەنگاوەیدا نەك هەر بۆی نیەو نابێ ئەم مێژووە بشێوێنێتو بەنوکە قەڵەمێك بیسڕێتەوە بەڵکو دەبێ قامکی بخاتەسەرو لەفکری ئەوەدا بێت وەڵام بەداخوازیەکانی ئەو بزووتنەوە جەماوەریە بنەڕەتیانە بداتەوە کەلەساتە وەختی راپەڕینو لەدوایساڵی ١٩٩١ ەوە بەدیاریکراوی دەستی پێکردووە، بزانێت چی ویستوەو چی دەوێتو بەرەو کوێ ملدەنێت، چونکە بەبێ ناسینی ئەو جوڵانەوەو بزووتنەوە جەماوەریانە زەربەیەکی گورچگ بڕ چاوەڕێی رەوتە گۆڕانخوازەکانە..

کەسێك بیەوێت گۆانکاری بکات دەبێت دەست بخاتە سەر ئەم ئەزموونە گەورەیەی گۆڕانو دیاریبکات، لەفەلسەفەی گۆڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتی تێبگات نەك وەك نوسەرە رەهەندیەکانی "لیستی گۆڕان" خۆی لەم راستیانە لابداتو ئەوەی رابردوو بە "بۆشایی" وەسف بکاتو لیێی هەڵبێتو دواتر بە"هەڵهاتن لەبۆشایی" ناوی بەرێت. لەکاتێکدا رەهەندیەکان بەهاوئاواز لەگەڵ پۆست مۆدێرنەکان بەرەتکردنەوەو هەڵهاتن لەمێژوو ناوبانگیان هەیە بەداخەوە لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا دەبینین مێژوو بەکاردەهێنن بۆ رەتکردنەوەی مێژوو، هاوکات مێژووی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردی لای ئەوان لەو ساتەوە دەست پێدەکات کەئەوان گۆڤاری رەهەندیان دەکردووە !

٣/ "لیستی گۆڕان" ناتوانێت هێزی گۆڕانی سەرەکیو جددی بێت، چونکە بەپێی بەرنامەو کارکردەکانی لەبناغەدا لەفەلسەفەی گۆڕانو ئاڵوگۆڕ تێنەگەیشتووە، تاکو ئێستا ئەوەی دەبینرێت کۆمپانیای ووشەو لیستی گۆڕان هاوشێوەی حزبە تەقلیدیەکانو سۆسیال دیموکراتەکان جەماوەر هەر وەکو "دەنگدەر" چاو لێدەکاتو هیچیتر، دەنگدان بەسەرچاوەی سەرەکی گۆڕانو ئاڵوگۆڕ وەسف دەکات، ئەوەیان بیرچۆتەوە کەجوڵانەوەکانی گۆڕان لەساتەکانی خودی دەنگدان گرنگترە.

کێ هەیە نەزانێت خەباتی سەرووپەرلەمانی (وەیان خەباتی جەماوەری) بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو سیاسی زۆر گرنگترو بەهەندترن، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لەچەشنی بزوتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی بێکاری، بزووتنەوەی لاوانو گەنجان، بزووتنەوەی مافە مەدەنیو سیاسیو رۆژنامەگەریەکانو بزووتنەوە خزمەتگوزاریەخوازەکان ...تاد بوونی ئەمانە پایەدارترین سیماو تایبەتمەندی گۆڕانی کۆمەڵایەتین، ناسینو هاوکاریو خۆگرێدانەوەو ئاراستەکردنو خزمەتکردن بەو بزووتنەوانەوە ماکی گۆڕانە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانە، لەماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان هەرجارەی بەشێوەیەك ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە هەناوی هەژاندووە، لەساڵەکانی گەمارۆی ئابووریدا بزووتنەوەی کرێکاریو بزووتنەوەی دژی بێکاریو بزووتنەوەکان بۆ باشکردنی مووچەو ئاستی گوزەرانو ...... تانو پۆی ئەم کۆمەڵگایەی داگرتبوو کەتیایدا

کۆمۆنیستەکانو چەپەکان دەورو رۆڵی سەرەکیان لەهاندانو بەرەوپێشبردنو ئاراستەکردنیدا دەگێڕا، دوای باشبوونی نسبی باروذۆخی ئابووری خەڵکو بڕیاری ٩٨٦ی نەتەوەیەکگرتووەکان بزووتنەوە خزمەتگوزاریەخوازەکان بۆ دابینکردنی ئاوی پاکو کارەباو باقی خزمەتگوزاریەکانی ترو بزووتنەوەی ژنان بوژانەوەو پەرەیان سەندو بوون بەرەوتی سەرەکی گۆڕانەکان، لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە بزووتنەوەی مافە مەدەنیو سیاسیەکانو رۆژنامەگەریەکانو بزوتنەوە فکریەکان بەگوڕو تنێکی زیاترەوە سەریانهەڵداو بەشێکی سەرەکی کۆمەڵگایان داگیرکرد. هەر بۆیە ئەم بزووتنەوە جەماوەریە گەورانە خواستو داواکاری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی گەورەیان خستۆتەڕوو، روانینێك بەسەر بەرنامەی لیستی گۆڕانو کارو هەڵسووڕانی ئەو لیستەدا نیشاندەری ئەوەیە کەئەوان ئەم هێزەیان نەناسیوەو بەکردەوەش کاریان بەم ئاراستەیەدا نەکردووە.

بۆ رۆشنگەری زیاتر لێرەدا چەند نمونەیەك دەهێنینەوە:

لەپەیوەند بەبزووتنەوەی ژنانەوە هەمیشە یەکێك لەداخوازیە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی ژنان هەڵوشانەوەی باری کەسێتیو چاکسازی ئەو یاسایە بووە بەقازانجی مافو داخوازیەکانی ژنانو ئەو مافانەی لەیاساو رێسا نێودەوڵەتیەکاندا تۆمارکراون، ئەم خواستە پەرلەمانی پێشووی ئەم هەرێمەی دابەشکردو هەژاندی، دەبینین بەرنامەی ئەو لیستە خاڵیە لەبڕگەو بابەتێك کەتایبەتە بەرێزگرتن لەبزووتنەوەی ژنانو کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستەی کەماوەی ١٨ ساڵە خەباتی بۆ دەکات.

وەیان بزووتنەوەی کرێکاری ماوەی ١٨ ساڵە خواستی گۆڕینی یاسای کاری کرێکاری پێشوی بەرزکردۆتەوەو خوازیاری لابردنو هەڵوشانەوەی بڕیاری زاڵمانەی ١٥٠ بووە کەبەهۆیەوە لەلایەن حزبی بەعسەوە ناسنامەو شوناسی چینی کرێکار سڕدرایەوەو کرێکاری کرد بەفەرمانبەر، دەبینین لیستی ناوبراو بەهیچ شێوەیەك خۆی لەقەرەی ئەم مەسەلەیە نەداوەو بەرنامەی لەم بوارەدا نیەو بەلایدا نەچووە.

لەمانەش خراپتر ئەوەیە ئەم لیستە پەیامی "بێکارسازی" هەڵگرتووە، بۆ نمونە لەبەرنامەی ئەم لیستەدا لەبڕگەکانی تایبەت بەپەرلەمانو حکومەتدا هاتووە کە "دامەزراندنی حکومەتێکی کارا، بچووکردنەوەو تەرشیقکردنی وەزارەتو دامودەزگاکانی لەسەر بنەمای چوستی نەك قەبەیی دوور لەبیرۆکراسیو هەڵاوسانی کارگێڕی" ئەمەش واتە ئەو کۆمەڵگا مووچەخۆرەی کەئەمڕۆ بەهۆی داهاتو بودجەی نەوتیەوە دروستبووە کەبەپلەی سەرەکی هاوڵاتیەکانی پشتیان بەدەوڵەتو مووچەی بەستووە نەمێنێ (بەبێ‌ئەوەی هیچ بەدیلێك بۆ ئەوە بخرێتەڕوو) وەسیاسەتی تەرشیقی ئیداریو ئابووری کەحزبی بەعس لەساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکانەوە پەیرەویکرد بگیرێتەبەر، ئەو سیاسەتەی کەئەزموونی ناوچەییو نێودەوڵەتی نیشانیداوە مانای بێکارسازیە، وەئەگەر پەیرەوبکرێ واتە بێکارکردنی سەدان هەزار کەسی کوردستان بەناوی فائزی ئیداریو کاراکردنو بچوککردنەوەی حکومەتەوە.

وەیان کاتێك باسی ئازادیەکان دەکات زۆرتر ئازادی تاکی رەخنەگر دەکات بەپێوانەو خۆی لەمەسەلەی ئازادیە کۆمەڵایەتیەکان پاراستووە لەچەشنی ئازادی مانگرتنو خۆپیشاندنو کەمافی سەرەکی خەڵکی کوردستانە لەبری ئەمانە فۆرمۆلبەندی تر جێگای گیراوتەوە لەچەشنی بەرەسمی ناسینو پەسەندکردنی جیاوازیو ..... ئەم مەسەلانە.

هەڵبەت ئەگەر یەکێك سەیری بڕگەو بابەتەکانی بەرنامەی لیستی گۆڕان بکات رەنگە بڵێت زۆر خاڵی تێدایە لەسەر ژنانو کرێکارانو جوتیارانو گەنجانو لاوانو ... تاد لەراستیدا ئەو خاڵانە بەشێکی زۆر کەمی ئەو داخوازیانەن کەئەو بزووتنەوانە باسی کردوونو لە٥٪ی ئەو داخوازیانەی ئەوانی لەخۆنەگرتووە، ئەوانەیشی کەباسکراون نەیانتوانیوە لەژێرباری دەربڕینو بەزمانلوسیەکی واوە داڕێژراوە کەنیشانەی ئاشکرای کەشو ئاوو هەوای هەڵبژاردنەو بەفۆرمەلبەندیەکی ئاڵوزو نوخبەییو رەهەندی واوە خراونەتەڕوو کەسبەی رۆژ جۆرەها لێکدانەوەی لەسەر دەکرێتو دەتوانرێ زۆر بەئاسانی شانی لەژێر دەرکێشن.

٥/ لەپەیوەند بەمەسەلەی حکومەتو دەسەڵاتی سیاسیەوە "لیستی گۆڕان" زۆرترین خاڵی هاوبەشی لەگەڵ لیستی کوردستانیدا هەیەو زۆر بەکەمی جیاوازیەك بەدیدەکرێو ئەوەی هەیە "چاکسازیەکی نیوەناچڵە" نەك گۆڕان.

ئەم لیستە پابەندبوونی خۆی بەئەزموونی پێشوو واتە ئەزموونی "کۆمەڵگایەکی بێ‌دەوڵەت" راگەیاندووەو بەرنامەیەکی نیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنیو دیموکراتیكو وەکو پرۆژەیەکی سیاسی ستراتیژی نەیخستۆتەڕوو، بۆیە خاڵو بەرنامەکانی لەچوار چێوەی چاکسازی نیوەناچڵی حکومەتی هەرێمو کاراکردنی پەرلەماندایە بەپلەی سەرەکیو شۆڕنەبۆتەوە بۆ داڕشتنو دامەزراندنی بنەما سەرەکیەکانی دەوڵەت

کەپشتی بە هەڵبژاردنو ئیرادەو دەنگدانی ئازادانەی خەڵك بەستبێتو پابەندی ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەرانو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بێت.

بۆیە ئەو چاکسازیانەی ئەو لیستە باسیکردون سبەی رۆژ پارتیو یەکێتی بەهەر رادەیەك قبوولی بکەن دەبێت بەزەمینەیەك بۆ ئەوەی سبەی رۆژ ئەم لیستەو سەرکردەکانی ببینەوە بەبەشێك لەدەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆ کەتادوێنی خۆیان بەشێك بوون لێیو ئەمڕۆ سەنگەریان گواستۆتەوەو بوون بەسوارچاکی رزگارییەخش.

٦/ بەشێکی سەرەکی لەئەندامانو کادرانو سیما بەرجەستەکانی "لیستی گۆڕان" هەر ئەو کەسانەن کەتادوێنێ بەشێك بوون لە" ی.ن.ك" و ئەمڕۆ سەنگەریان بۆ ئەو لیستە گواستۆتەوە، بەشێکی زۆریان لەڕووی ئایدۆلۆژیو سیاسیو تەنانەت فکریەوە نەگۆڕاونو هەر سیماو کاراکتەرەکانی پێشوونو تەنانەت هێشتا لەباری رێکخراوەییەوە لەیەکێتی جیانەبوونەتەوەو دەیانەوێ لیستی گۆڕان لیستی گۆڕانی یەکێتی بێ بەقازانجی دەسەڵاتی خۆیان، ئەو کەسانە سادەترین گوشاریان بخرێتەسەر دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی پێشوویانو بۆ بەکارهێنانی شێوەو رێبازی حزبی دایك واتە یەکێتی نیشتمانی، بۆ بەکارهێنانی ئەزموونو پێشینەی سەربازیو عەسکەریان، هەر ئەوانەبوون دەستیان هەبووە لەشەڕی ناوخۆ، تۆقاندنو سەرکوتو ئەشکەنجەدانی خەڵکی کوردستانو سبەی ئەگەر دادگایەکی عادیلانە دروستبکرێ ئەم کەسانە وەکو تۆمەتباری سەرەکی پەنجەیان بۆ درێژدەکرێ. بۆیە هەر خودی ئەوەی ئەم کەسانە ببن بەکاراکتەرو شوناسو سیماو ووتاربێژی لیستی "گۆڕان" نیشانەی پرسیارێکی گەورەیە لەسەر هەر بەرنامەیەکی سیاسی کەئەوان بەرزیان کردۆتەوە، خەڵکی کوردستان ناتوانێت متمانە بەلیستێك بکات کەئەم کەسانە سیماو کاراکتەرە بەرجەستەکانی ئەو گۆڕانە بن کەباسدەکرێ.

٧/ لەپەیوەند بەمەسەلەی حزبایەتیو دەسەڵاتی دوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستانو پەیوەندی حزبو حکومەتو مۆدیلە حزبیە زاڵەکان... تاد بانگەشەکانی ئەم لیستە پڕبووە لەووتارو نوسینی رەهەندیەکان، لەم بانگەشانەداو لەپەیوەند بەمۆدیلە حزبیەکانو رەخنە لەحزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نوکی رمی رەخنەکانیان ئاراستەی ئەو حزبانە بەجۆرێك دەکرێ کەگوایە ئەوان مۆدێلی "حزبی بەلشەفی"و "تۆتالیتاری"و "فاشی"یان هەڵگرتووە، لەم رێگەیەوە هێرش دەکەنە سەر حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانو لەبنەڕەتدا دەشیانەوێ بەتیرێك دوو نیشانەی جیاواز بپێکنو کۆمۆنیستەکانو چەپەکانیش بگرێتەوە. لەمبارەیەوە بەپێویستی دەزانین چەند خاڵێك رۆشن بکەینەوەو ئەو تەپوتۆزو یاریکردنە بەزاراوەکان لەلای رەهەندیەکان (هاوشێوەی گەمەی زمانەوانی پۆست مۆدێرنەکان) برەوێنینەوە:-

أ/ مۆدێلی "حزبی بەلشەفی" مۆدێلێك بوو کۆمۆنیستەکانی روسیا لەسەرەتای سەدەی رابردوودا لەچوارچێوەی خەباتو تیکۆشانیاندا بۆ رووخانی دەسەڵاتدارێتی روسیای تزاریو بەدەستهێنانی دیموکراسیو ئازادیو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی بەرابەرایەتی چینی کرێکاری روسیا دەستیان بۆ برد، حزبێك کەلەرووی ئایدۆلۆژیەوە مارکسیستو لەڕووی چینایەتیەوە بەرگریکاری چینی کرێکاری روسیاو جوتیارانی هەژاری ئەو وولاتەو لەڕووی سیاسیەوە نموونەی ئازادیو دیموکراسی هاوچەرخی حزبی بوو، ئەو مۆدێلە زۆر بەخێرایی وەکو رێکخراوێکی سیاسی جەماوەری بەهێز سەریهەڵداو بوو بەچەکێکی شۆرشگێرانەی کارا بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی مەزنی رووسیا لەساڵی ١٩١٧ دا، شۆڕشێك کەهەموو دنیای راچڵەکاندو بوو بە تەکانێکی گەورەی مرۆڤایەتی بەرەو ئازادیو رزگاری مرۆڤو نەمانی چەوسانەوە، ئەو شۆڕشە مەزنە زیاتر لە١٥٠ ملیۆن مرۆڤی ئەوکاتەی لەچنگ دەسەڵاتی ئیستبدادی روسیا رزگارکردو هاوکات بوو بەسەرەتای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، حزبی بەلشەفی روسیا بەسەرکردایەتی لینین رۆڵی کاریگەری لەو شۆڕشەو لەو دەسکەوتە مەزنانەی مرۆڤایەتیدا گێرا.. هەر بۆیە ئەو مۆدێلە لەحزب سەرەڕای کەمو کورپیەکانی سەرکەوتنی بەدەستهێناو وەکو مۆدێلێکی گونجاو بۆ خەباتی نهێنیو خەبات دژی ئیستبداد کارایی خۆی چەسپاند.

ب/ تەنگژەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیاو هێرشی نێودەوڵەتی وولاتانی رۆژئاوا بۆ لەناوبردنیو فشاری ئابووری خنکێنەر لەسەر دەسەڵاتی حزبی بەلشەفیو شووراکانی ئەو وولاتەو زۆر هۆکاری تر کەلێرەدا جێگای باس نیە سەرەنجام حزبی بەلشەفی ئەو وولاتەی لەسونەتو نەریتە دیموکراسیو ئازادیخوازەکانی خۆی دابڕیو بۆرژوازی ئەو وولاتە کردی بەحزبێکی دیکتاتۆری بەرابەرایەتی ستالینو کۆنگرەی ساڵی ١٩٣٧ کۆنگرەی رەسمیەتپێدانی نەمانی حزبی بەلشەفی لینینی بوو. لەو کاتەوە حزبە ستالینیەکان بوون بەمۆدێلی حزبی وولاتی سۆفیەتو وولاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات. لەبەرئەوە تێکەڵکردنی مۆدێلی "حزبی ستالینی"و "حزبی بەلشەفی" هێرشێکی ناڕەوایە بۆ سەر بەلشەفیزمو

نەخوێندنەوەی مێژووەو هەڵهاتنە لێی، لەوانەش خراپتر شوبهاندنی حزبی بەلشەفیو حزبی فاشی ئیتر ئەوە گەیشتنە بەلوتکەی ناهەقیو ناڕەواییو غەدر لەمێژوو.

ج/ شوبهاندنی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بەمۆدیلی حزبی بەلشەفی دیسانەوە تێنەگەیشتنە لەخودی حزبایەتی، لەراستیدا ئەگەر رەهەندیەکان بەم هەڵانەدا دەچنو لەحزبایەتی تێناگەنو نازانن چیەو نەیان کردوەو هەر لەبنەڕەتەوە رۆشنفکری سەربەخۆبوونو لەهیچ حزبێکدا کاریان نەکردووەو تاکو ماوەیەك لەمەوپێش باوەڕیان بەهیچ جۆرە حزبایەتیەك نەبووە وەلەم بوارەدا بانگەشەی نیهلیزم جیگای خەبات بۆ حزبی مەدەنیو دیموکراسی هاوچەرخی گرتبۆوە، ئەگەر ئەوان دەرك بەم مەسەلانە ناکەن ئەی سەرانی لیستی گۆڕان (کەخاوەنی ئەزموونێکی حزبی دورو درێژن) بۆ بەو هەڵانەدا دەچنو دووبارەی دەکەنەوەو بانگەشەی بۆ دەکەن؟ کێ هەیە نەزانێت پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن سەرەنجام وەکو حزبێکی تەقلیدی بنەماڵەیی گیرسایەوەو ئەو ئۆرگانە حزبیانەی هەیەتی لەخزمەتی میکانیزمی دەسەلاتێکی خێڵەکیو بنەماڵەییدایە، ئەمە نەلەباری ئایدۆلۆژیەوە نە لەباری چینایەتیو نەلەباری پیکهاتی کۆمەلایەتیو چەکداری یەوەو تەنانەت لەباری میکانیزمو ئالیەتی حزبیەوە دوورو نزیك پەیوەندی بە "مۆدێلی بەلشەفی" یەوە نیە، ئەگەر تەنانەت بیشوبهێنین بەمۆدێلی "حزبی ستالینی" هێشتا هەر نادروستەو زۆربەی پێکهاتی حزبە ستالینیەکان لەوولاتانی جۆراوجۆردا هەر بۆ نموونە لەعێراق وەکو حزبی شیوعی عێراق مەدەنیو شارستانین، ئەوان لەسەر بنەمای دەسەلاتی خیلێو بەرەسمی ناسینی مەرجەعی رۆحی (لەچەشنی بارزانی) نەگیرساونەتەوە، ئەگەر دوور نەڕۆینو تەنها سەیری حزبی شیوعی عێراق بکەین دەبینین جیاوازیەکان ئاسمانو رێسمانە مەگەر یەکێك برِیاری دابێت دنیای حزبەکان بەسەر رەشو سپیدا دابەشبکاتو کامەی بەدڵ نەبوو بیخاتە لیستە رەشەکەوەو بەفاشیو ستالینیو تۆتالیتاریو ....چیو چی وەسفی بکات.

ئەگەر لەپارتی بگەڕێینو بچینە سەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان دیسانەوە هەڵەو ناهەقیەکە باشتر دەبینین، خودی یەکێتی نیشتمانی لەسەرەتاوە تێکەڵەی چەند مۆدێلێکی سیاسیو حزبی بوو، بەلام بەپلەی سەرەکی وەکو حزبێکی ماویست (بەپەیڕەوی لەمودێلی حزبی ماوتسی تۆنگی چین کەبەهۆیەوە بناغەو پێکهاتی سەرەکی حزبێکی چەکداری قەومی شۆرشگێر دارێژرا) دامەزراو گەشەی کردو وەکو حزبێکی قەومی چەکدار گیرسایەوە، حزبێك کەماویزمو پۆپۆلیزمی لەخەباتی چەکداریو سیاسیدا پەیڕەوکردو بەو هۆیەوە بوو بەخاوەنی بنکەو پێگەی جەماوەری بەهێز لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا. بۆیە (ی.ن.ك) دیسانەوە دوورە لەمۆدێلی حزبی ستالینیو بەلشەفیو فاشیو خودی سەرانی ئەو حزبە لەدوای راپەڕینەوە لەهەوڵێکی بەردەوامدابوون بۆ گۆڕینی حزبە ماویو پۆپۆلیستیەکەیان بۆ حزبێکی جۆری سۆسیال- دیموکراتو لەم کارەشدا سەرکەوتوو نەبوون، ئالوگۆڕەکانی ئەم دوواییانەی ئەو حزبە نیشانەی پێکهاتە ئالۆزە کۆمەلایەتیەکانی ئەو حزبەو فەشەلی نزیکبوونەوەی بوو لەمۆدێلی حزبێکی شاری مەدەنیو پەیڕەویکردن لەلانی کەمی ئەو ستانداردانەی کەحزبە سۆسیال-دیموکراتەکان پشتیان پێبەستووە.

د/ لەراستیدا ئەم تێنەگەیشتنە لەحزب واتە بێبەشبوون لەگرنگترین چەکی گۆڕان کەخودی حزبە، سەرەنجام سەرەکیترین گۆڕانە گرنگو مێژووییەکان لەرێگەو بەرابەرایەتی حزبەکان ئەنجامدراون، ووردنەبوونەوە لەم مەسەلانە رەنگە بەشێکی ئەوە بێت لایەنگرانو بەشدارانو رابەرانی گۆڕان هێشتا ئومێدیکیان بەگۆڕینی یەکێتی نیشتمانی وەیان درووستتر بە بەدەستەوەگرتنی یەکێتیەوە هەبێتو سەرەنجام بیانەوێت هەڵبژاردن بکەن بەهۆیەك بۆئەوەی یەکێتیەکی تر لەدەرەوەی یەکێتی دروست بکەنو سەرەنجام سبەی رۆژ زەمینەی یەکگرتنەوەی هەردووبەشەکە خۆشبکەن..

ز/ مەسەلەیەکی تر کەپەیوەندی بەحزبو پێگەی حزبەوە هەیەو زۆرجار وەکو دروشمی سەرەکی گۆڕان باسدەکرێ مەسەلەی جیاکردنەوەی حزبو حکومەتە، لەپەیوەند بەم دروشمەوە دەبێ سەرەتا ئەوە بووترێ کەئەم جیاکردنەوەیە بەمانای نەمانی حزبو دەورو پێگەو رۆڵی ئەو نیە، حزب هێشتا کاراترین ئامرازی سیاسی- رێکخراوەییەو کۆمەڵەو رێکخراوەو دامەزراوە مەدەنیەکانی تر هەرچەند رۆڵی حزبیان بچووکترکردۆتەوە بەلام نەیانتوانیوە لەگرنگیە سەرەکیەکەی کەم بکەنەوەو نەیهێلن.

لەراستیدا لەکوردستاندا حکومەتێك نیە تاکو ئێمە حزبی لێجیابکەینەوە، ئەوەی هەیە دەسەلاتێکی دوانەی حزبی-حکومیەو هیچی تر، بۆیە بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە بۆ خۆی نادروستەو ئەوەی کەلەباری سیاسیەوە گرنگە دامەزراندنی دەوڵەتە (هەرچەندە ئەو دەوڵەتە سەروەریشی ناتەواو بێ گرنگ نیەو گرنگ ئەوەیە ماکی دەوڵەتی هەبێت) گرنگ ئەوەیە حکومەتێکی مەدەنیو دیموکراتیك دابمەزرێت، کێشەکە ئەوە نیە حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان حزب لەحکومەت جیاناکانەوە، لەوولاتانی دیموکراسیشدا هەر حزبەکان حکومەت دروست دەکەنو رکابەری دەکەن

بۆ گۆڕینی حكومەتو لەدەسەلات خستنی، بەڵام یەك شت لەجێگای خۆیەتی ئەویش دەستوورو دەوڵەتو دەسەڵاتەكانو دامەزراوەكانێتی، حزبەكان بەشی سەرەكی پەرلەمانو حكومەت پێكدەهێننو هەڵیدەسووڕینن، بەڵام ناتوانن جێگای دەوڵەتو حكومەت بگرنەوەو شوناسی دەوڵەتو مافی هاونیشتمانیو تەواوی مافە دەستووریەكانی تر بگۆڕن بەشوناسی حزبیو دابەشكردنی حزبی كۆمەڵگا.

لەبەر رۆشنایی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێ ئەوە روونبووبێتەوە كەگۆڕان بەبێ حزب كارێكی زەحمەتەو كۆمپانیاكانی راگەیاندنو ماس میدیا لەباشترین حاڵەتدا دەتوانن رۆڵی خرۆشانو هەیەجانو هەڵخراندن بگێڕن بەڵام چەكە سیاسیو كۆمەڵایەتیەكانی گۆڕان نین.

ئەگەر كەسێك خەمخۆری گۆڕان بێت دەبێت لەبازنەی پەرلەمانو نوخبەگەرایی بترازێتو بۆ ناو جەماوەرو جوڵانەوە كۆمەڵایەتیەكانی شۆڕبێتەوەو گوتارەكانی روو لەوان بێت، بەپێچەوانەیشەوە بەم ئاراستەیە كارنەكردێت كەتاكو ئێستا كارنەكراوە ئیتر سەرەنجامەكەی ئەوەیە كەلیستی گۆڕان بەبێ چەكو چۆڵی رێكخراوەییو جەماوەری كارسازەوە چەند كورسیەكی پەرلەمان داگیردەكاتو وەكو "ئۆپۆزسیۆنێكی پەرلەمانی" پارتیو یەكێتی دەگیرسێتەوە، وە ئەو جەماوەرەی كەتەنها رۆڵی "دەنگدەر" ی گێراوەو هەر ئەوەی لی داواكراوەو لەچاوەڕوانی پێچو بەرە پەرلەمانیەكاندا بێهیوادەبێو بەهەمان ئەو خێرایی رووهێنانو رووتێكردنەی ئێستا لەپاڵپشتی ئەم رەوتە دەكشێتەوە.

بۆیە بەبێ حزبو هەروەها بەبێ سەندیكاو كۆمەڵەو نەقابەكانو بزووتنەوە كۆمەڵایەتیەكانو ئەو چەمكە سەرەكیانەی گۆڕان ئەو دروشمانەی ئەو لیستە بەرزیكردۆتەوە بەردی زلەو نیشانەی نەهاویشتنە، دروشمو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەو ریكلامێكن كەبەخێرایی كاریگەریەكانیان كەم دەبێتەوەو زۆر دووبارەكردنەوەی دەیكات بەقەوانێكی سواو، سەرەنجام ژیان بەسەوزی دەمێنێتەوەو هەرچی هزرو دروشمە رەنگاڵەییەكانیشە بەخۆڵەمێشی.

********************

## "بەدەنگی سپی" بەشداری لەهەڵبژاردندا دەكەین

لەسەر بنەمای ئەو لێكدانەوەو رۆشنگەریانەی پێشوو ئێمە وەكو یەكێتی كۆمۆنیستەكان "بەدەنگی سپی" لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی كوردستاندا بەشداری دەكەین، هەڵبەت هەلومەرج بواری پێنەداین لیستی سەربەخۆمان هەبێتو هیچ لیستێكو هیچ پاڵیوراوێكیش لەئاست داخوازیەكانی خەڵكو چاوەڕوانیەكانی ئێمەدا نینو ئەوەش بەكارێكی نادروست دەزانین "باشی ناو خراپەكان" هەڵبژێرین.

١/ هەڵبەت بایكۆتی سەلبی هەڵبژاردن هەرچەند مافێكی سروشتی هەر هاوڵاتیەكی تاكو كۆمەڵەو رێكخراوێكی سیاسیە بەڵام لەم بارودۆخەدا هەڵوێستێكی دروست نیە، زۆربەی خەڵكی كوردستان لەم هەڵبژاردنەدا ئومێدو هیوایەكی گەورەی بەئیرادەو دەنگی خۆی پەیداكردووەو وەك هێزی گۆڕان دەركەوتووە، ئەگەرچی لە راپەڕینی (٩٩١)ەوە كۆمۆنیستەكانو چەپەكان ئاڵاهەڵگری گۆڕانو داواكاریەكانی خەڵك بوون، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا خواستی گۆڕان تواناو بەرینی جەماوەری گەورەی بەخۆی بەخشیوەو تا ئاستی شەڕی خەڵك لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی كوردستانو شكستی "لیستی كوردستانی"و پەراوێزكەوتنی پارتیو یەكێتی تاوی سەندووە، بۆیە شكستی لیستی كوردستانی نیشانەی سەركەوتنی ركابەرەكانی پارتیو یەكێتیو متمانەی خەڵك بەلیستەكانی نەیاری ئەوان نیە، چونكە لەرابردوودا زۆربەی لیستەكان بەشێك لەدەسەڵاتی سیاسی پێشوو بوونو هێشتا هەرقاچێكیان لەناو دەسەڵاتدایە، بەرابەرایەتی ئەو لیستەشەوە كە بە"گۆڕان" ناودەبرێ.

٢/ ئێمە لایەنگری بەشدارین لەهەڵبژاردنەكانداو هاوكات خوازیارین خەڵك بەسپێتی دەنگ بدات، لەو باوەڕەداین چوونە پای صندوقەكانی دەنگدانو هاوكات دەنگنەدان بەپارتیو یەكێتیو لیستەكانی تر خۆی لەخۆیدا نارەزایەتیەكی گەورەیەو هاوكات ‌مومارەسەكردنی مافێكی سروشتیو سەرەتایی هاوڵاتیانی كوردستانە. بەشداریكردن بەدەنگی سپی لەم هەڵبژاردنەدا هەڵوێستێكی سیاسی رەخنەگرانەو بەهێزكردنی پێگەی ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەیە لەبارودۆخی ئەمڕۆی كوردستاندا. "دەنگی سپی"، واتە دەنگنەدان بەلیستە داخراوەكانو پاڵێوراوەكان، نارەزایەتیە بەرانبەر دەسەڵاتدارێتی پارتیو یەكێتیو ئەو لیستو پاڵێراوانەی تریش كەنەیانتوانیوە لەئاستی داخوازیو چاوەڕوانیەكانی خەڵكی كوردستاندا بن. "دەنگی سپی" دەتوانێ ئەمجارە لەسەر سندوقەكانی دەنگدان دەسەڵاتی چەقبەستووی ١٨ ساڵەی پارتیو یەكێتی رەتبكاتەوە، هاوكات لەرێگەی دەنگنەدان بەركابەرەكانی پارتیو یەكێتی ئەو پەیامەش بەوان بگەیەنێت كەنەیانتوانیوە لەئاست متمانەو داخوازیو چاوەڕوانیەكانی خەڵكدا بن.

٣/ لەماوەی رابردووداو بەئێستاشەوە دەسەڵاتدارانی کوردستان تەنها ئەرکی خەڵکی کوردستانیان بەوە داناوە دەنگبداتو مۆربدات لەسیاسەتو بەرنامەکانیان، ئەوان لەدوو لاوە "دەنگی سپی" خەڵکیان پێشێلکردووە لەلایەکەوە بەوەی خەڵکی کوردستانیان پێ ئاشنا نەکردووەو خۆیان لەقەرەی باسکردنی نەداوەو ئێستاشی لەسەر بێت کەس باسێکی لەمبارەیەوە نیەو ئەوانەیشی خۆیان بەگۆڕانخواز دەزانن دیسانەوە چاوی خۆیان لەم مافە نوقاندووە، لەلایەکی ترەوە لەرێگەی ساختەکاریەوە ئەم مافەیان پێشێلکردووەو ئەو هاوڵاتیانەی بایکۆتیان کردووەو نەچوون بۆ دەنگدان کارتی دەنگە بەتاڵەکانیان بۆ پڕکردونەتەوە. لەراستیدا ئەوە ئەرکی سەرەکی کۆمیسیۆنە ئەمجارە بەشێوەیەکی تایبەتی بەر بەم حاڵەتە بگرێو رێوشوێنی توند بۆ پاراستنی"دەنگی سپی" بگرێتەبەرو رێگا بگرێ لەپێشێلکاریو ساختەکاری چ بەقازانجی لیستی دەسەڵاتدار بێ یاخود هەر لیستێکی تری ئۆپۆزسیۆن، وەئەوە ئەرکی هەموو لیستەکانیشە رێز لەو دەنگانە بگرنو بۆ قازانجی خۆیان بەکاری نەهێننو هەر لەئێستاوە بەڵێن بەخەڵکی کوردستان بدەن کاری لەم جۆرە ناکەنو پەنای بۆ نابەن. ئەگەر دیسانەوە هاوڵاتیانی کوردستان لەمبارەیەوە دڵنیا نین ئەم دەنگو مافەیان پارێزراوە لەم حاڵەتەدا دەتوانن بەهەر شکڵو شێوەیەك پێیان باشە لەچەشنی **(زەرب لێدانو رەشکردنەوەی کارتەکان)** دەنگەکانیان بفەوتێنن ئەوسا بیخەنە صندوقەکانی دەنگدانەوە...

٤/ لەپەیوەند بەپۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بانگەوازی خەڵك دەکەین بەهیچ شێوەیەك دەنگ بەکاندیدی لیستی کوردستانی واتە مسعود بارزانی نەدەنو لەماوەی رابردوودا کارنامەی ئەو هەمان کارنامەی لیستی کوردستانی بووە.

٥/ کاتی ئەوە هاتووە هاوڵاتیانی ناڕازی لەوە تێبگەن ئەوان هێزی گۆڕانو ئاڵوگۆڕن چ لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بێت یان لەگۆڕەپانو شوێنی کارو ژیان، گرنگ ئەوەیە پشت بەخۆیان ببەستن بۆ گۆڕان، گۆڕانی کۆمەڵایەتیو ئابووری گرنگترین هەنگاوی گۆڕانە سیاسیە گشتگیرەکانە، دروستکردنی سەندیکاو کۆمەڵەیەکی مەدەنی، یەکێتیەکی کرێکاریو خوێندکاری جەماوەری، بەهێزکردنی میدیایەکی کریکاریو جەماوەریو خوێندکاری، بەرزکردنەوەی داخوازیەکان...تا ئەم خەباتو تێکۆشانانە لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم نەوەستاونو پێویستە بۆ ساتێکیش خەبات لەم نەبەردو مەیدانانەدا رانەگیرێو هەواڵەی داهاتوو نەکرێو بەگەمەو کایە سیاسیەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیەوە نەبەسترێتەوە، ئەم خەباتو تێکۆشانانە چەکە سەرەکیەکانی بەرگری لەژیانو گوزەرانی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی ئەم وڵاتەیە لەبەرانبەر هێرشەکانی حکومەتی پارتیو یەکێتیو هێزە سەرکوتگەرەکانیانو دامو دەزگاکانیانو هەر ئەوەیشە سبەی رۆژ پەرلەمانو دەسەڵاتدارێتی داهاتوو ناچاردەکات لەهۆڵی پەرلەماندا کۆبوونەوە بۆ ئەو مەسەلانە رێکبخرێو وەڵام بەو داخوازیانە بدرێتەوە.

**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق**
**کۆمیتەی ناوەندی**
**تەمووزی ٢٠٠٩**